وتارخوێنى هەينى ئەعزەمييە: دەنگتان لە هەڵبژاردندا چەكێكە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەى گەندەڵكاران

شێخ عەبدولوەهاب سامەڕايى وتارخوێنى هەينى لە شارى ئەعزەمييە، ئەمڕۆ داواى لە هەموو هاووڵاتيان كرد كە بە شێوەيەكى چالاكانە بەشدارى هەڵبژاردنەكانى داهاتوو بكەن، جەختى لەوە كردەوە كە بەشداريكردن باشترين ڕێگايە بۆ پاراستنى وڵات لە گەندەڵى و ڕێگريكردن لە بەدەستهێنانى دەسەڵاتى تاكە گەندەڵكان.

سامەڕايى لە وتارەكەيدا، كەموتەڵيع بەدواداچوونى بۆ كردووە وتى ”دەرفەتێك مەدەن بە گەندەڵكاران كاريگەرييان لەسەر ئايندەى عێراق هەبێت“.

ئەم بانگەوازە لە پێش هەڵبژاردنەكانى عێراق دێت، لە كاتێكدا بەغداى پايتەخت و پارێزگاكانى ديكە شاهيدى چالاكى سياسى چڕ و بانگەوازى بەرفراوانن بۆ بەشداريكردنى هێزە جياوازەكانى ئايينى و نيشتيمانى.